# پێویستی گۆڕان و ئەگەری پاشەکشێکردن

## خوێندنەوەیەکە بۆ باروودۆخی یەکێتیی لەم سەردەمەدا

**دلزارحەسەن :**

## بەشی یەکەم

**پێشەکی :**

لەهەرە ئەرکە هەنووکەیەکانی نێو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان رەخنە لەخۆ گرتن و پێداچونەوەی ئەرك و کایەی حزبیایەتیەکەی ئەو قۆناغەیەتی کە لەو هەلومەرجە دژوارەدا هەڵوەشاندنەوەی حاڵەتە ناتەندروستیەکانی نێو یەکێیتی وامان لێدەکات تەواوی ئەو رەهەندانە بە رەخنە لە خۆگرتن و دووبارە خستنەوەی سەرپێیی یەکێتیی بە دید و دیدگایەکی تازە و نوێگەرانەوە جارێکیتر لێدوان و گفتوگۆی جددیانە تری لەسەر بکەینەوە , ئەم کارەش خۆشحاڵمان دەکا کە تەواوی ئەو قسەکردنانەمان لە سەر دونیا کراوەکەی یەکێتیی بۆ دواجار بە پۆزەتیڤ بکەوێتەوە و تەواوی ئەو رەخنە و تێبینیانەمان لە کۆنگرەی ئاییندەیدا بە روحێکی فروان وەربیگرێت و لە واقیعی رۆژانەشیدا پراکتیکیان بکات . گرینگی دانیش بەو جۆرە قسەو باسانە لە لایەن یەکێتییەوە دواجار بەها بەخشینە بەو ئەقلییەتەی کە چاوەنوارێ کۆنگرە بەرنامەیەکی بەرفرەوانی بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە لە بەردەستدا بێت .

کۆکردنەوەی کەسانی کاڵبووەوە بەدەوری ئەو کۆنگرەیەدا رەخساندنی ئەو کەش و هەوایەیە کە دونیای تازە داوامانلێدەکات . بەپێچەوانەوەش دوورخستنەوەی کەسانی نە شیاو لە پۆستەکانیش هێمایە بۆ زیندوو راگرتنی گیانی نوێبوونەوە لە ناو یەکێتیی و بۆ دوا جاریش رەخساندنی دونیایەکی کراوە و ئازادە لە کۆمەڵگای کوردیدا .

بێگومان نەفەسی ئەو نووسینەشم چەند رەخنەئامێزە بەقەت ئەوەش رووحی پێکەوە ژیان و باوەر بوونی تێدایە بە خۆ تازەکردنەوە و نوێبوونەوە لە نێو گۆڕانکاریەکانی جیهانی نوێدا و یەکێتیش وەك بەشێك لەو دونیا کراوەیەدا چاوپلێدەکریت، بۆیە هەرهەستە بە ئاگاکانی نێو کۆنگرە دەتوانن گۆڕانکاری گەورە لە دونیای تازە بەرپابکات ..

# یەکێتیی و بارودۆخی دوای ساڵی 1996

بۆیە نامە ویت لەو تەوەرەیەدا بچمە وە سەرباسی تواناو هێزی سەربازی و جوامێری و قارەمانیەتی سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی یەکێتیی لەکاتی ئەو رووداوەدا ، دیارە مەبەستی توێژینەوەکەی من لەو وتارەدا قسە کردنە لە سەر ئیشکالیەتە هونەریەکانی دونیایی‌حزبایەتی ومەدەنیەکانی ئێستاکە بۆ هەڵسووڕاندنی دۆخی سیاسیانە و ئیداریەکانی نێو دونیای تازە کە یەکێتیی جیاوازتر لە پێش ئەو مێژووەوە هەنگاوی جددیا نەتری بۆ هاویشتووە. قەتیس بوونی پرۆژە نوێکانی یەکێتیش لە سنووری سلێمانی ، بارتەقایی شەڕی ناوخۆ زیانی بە پرۆژەی مۆدێرنیتەی یەکێتیی گەیاندووە ، هەروەها ئەو باها لۆکالیانەی نێو دونیای یەکێتیی کە بە بەخشینی وەزە و توانا دەناسرا "شار" کە لەیەککاتدا هەم خەندەقی بەرگریبوو هەم ئارامگەیەکیش بوو بۆ ئاوا رە و

دەربەدەرەكانی شەڕی ناوخۆ . ئەم وێنانە جارێكی دیكە بونیادی سۆسیال دیموكراتیەتی یەكێتیی خستە ژێر پرسیارەوە . بەمە دیدگای یەكێتی بوون چووە بەرەی خۆ بە پەراوێزكردنەوە , لە كاتێكدا یەكێتیی لەسەرەتاوە مەخلوقێكی داهێنەربووە بە بەهاكانی هیومانیەت لە نێو پانتایی بووندا . هەستی كۆبوونەوەش بەدەوری چادرێكەوە بە وێنەی شارێك لێرەدا " شار " بەهێمای بەرگریكەرو داكۆكیكەر دێتەبەرچاوان , بەهەمان شێوەش ئەو جۆرە روئیایە مرۆڤی شارنشینی خستە ژێر گومانەوە بەوەی چۆن دەكارێ" شار" لە یەككاتدا ناوەندێكی شارستانی و مۆدێرن بێت و لەو لا شەوەش هەستیارترین شەڕكەریش بێت لە بەرامبەر نەیارەكانیدا . رەنگە لێرەدا هەمان تێز كە بۆ شەڕكردن بەكار دێت لەبەرگێكیدیكەیدا ببێتە پرۆژە و نموونەی دونیایەكی كراوە !! تێكەڵبوونی ماناكانیش هەڵبەتە جوداخوازیەك بەرهەمدێنێت لەكاتی بەرهەمهێنانی ئاكامەكاندا , بەدەر لەراستی ئەو رۆژەش مومكین نییە بتوانین سڵ لە راستی ئەو قەیرانانەش نەكەینەوە كە ئەمرۆكەیان بەرهەمهێناوە .

كاتێكیش بە ناچاری شارێك دەبێتە گەورەترین پرۆژە بۆ فەلسەفەیەكی بەرفراوانتر لەوەی كە هەیە بێگومان گرفتی دوای ئەم بارودۆخەش هێندە ئاڵۆز دەبێت لە هەر رەخنەیەكیش لە دەرئەنجامی حاڵەتەكەشدا دونیایەك ناو و ناتۆرەت بۆ دەخوڵقێنن . ئاڵۆزی نێو ئەو شارەش لەبەر بوونی رێژەیەكی زۆری خەڵكی ئاوارە , بەهەمان شێوە یەكێتیی ناچار بەوەكرد باوەشی حزب بەدەر لەوەی باوەشێكی سیستماتیكی بێت بۆ دونیایەكی تازە بەڵكو بوو بە باوەشی دایكێكی میهرەبان , دایكێك تا سەر ئێسقان چێش بەخش و لە هەمان كاتیشدا ئازارچێژ . لێرەدا مەترسی پاشەكشێكردنی یەكێتیی لە بەردەم گۆڕانكاریەكاندا بە گوڕتر دەهاتنە پێشێ , هەرچەندە" شار" لەناوەخنیدا هەڵگری بەهایەكی شارستانی بوو لە واقیعدا . بەڵام " شار" لەحاڵی ئێستاكەیدا بە شێوەیەكی زۆر ناشارستانی خۆی نمایش دەكاتەوە . یەكێتییش لەنێو قەیرانێكی سامناكترەوە دەچێتە نێو قۆناغێكی دیكەوە كە چۆن " شار" بە دونیای تازە بناسێنێتەوە . دیارە ناساندنی " شار" یان بەخشینی شوناس بە " شار" لەدونیای ئایدۆلۆژیادا كارێكی مۆنۆپۆڵیانەیە و تۆتالیتاریانەیە كە كۆمەڵگا بەرەو فاشیەت پەلكێش دەكات . ئەركی یەكێتیش لەو قۆناغەدا ئەوەنەبوو ناو لە " شار" بنێت , بەڵام بە ناچاری " شار" بوو بە بەشێك لە ئەو و ئەمیش بوو بە بەشێك لە "شار" . خۆ دەربازكردنیش لەو چوارچێوەیەدا كە " شار" لە پانتایی خۆناساندنی بە ئایدۆلۆژیا بەرهەمی هێنابوو یەكێتیی ئیجبار دەكات بۆ دواجار لەچوارچێوەی شاری ئایدۆلۆژیا دەربازی بێت و بچێتە نێو دونیای تازە و شاری مۆدێرنەوە .

## یەكێتیی و سكرتێری گشتی

مام جەلال وەك بونیادێكی فرە رەهەندی خاوەن تێز هەر لە سەرەتای خۆناساندنیەوە بە دونیای دیبلۆماسیەت و سیاسەت و حزبایەتی و كاری رێكخراوەییدا لە پێناوی نیشتیمان و نەتەوە و ئازادی و چەمكە هیومانیەكانەوە شانۆی جیهان زیاد لە نیو سەدەیە ئاشنایی بووە 0

یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستانیش وەك با هۆزێكی ژیاندۆست و زیندوو هات رووح و گیانی وەبەر خاك و مرۆڤ و ئازادی كردەوە و لەو پێناوەشدا دونیایەك قوربانی پێشكەش بە پەیامەكەی كردووە.

بۆیە لێك جیاوازکردنەوەی ئەو دوو چەمکە سەرباری رەخنە و تێبینیمان لە سەریان بەلاّم هەولّێکیشە بۆ چاکتر ناسینی یەکێتیی لەم قۆناغەدا ، چونکە سکرتێری گشتی هەم لە رووی ئەرك و دەسەلاّتیەوە هەم لە رووی تەمەن و مەوقیعیەوە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێمەوە دوورە و لە راستیشدا غەمی گۆڕانکاری لە ئێستامان و ئاماژەدان بە فۆرمە جیاوازەکانی بەردەم گۆڕانکاریەکان لە ناو یەکێتیی راماندەکێشێتە نێو گفتوو گۆیەك کە دۆخی قسەکردن لە سەر یەکێتیی جددی ترو پێویستربێت لە سەر ئەوەی کە قسە لە سەر سکرتێری گشتی بکەین 0 هەرچەندە سکرتێر خۆشی لاری لەوە نییە کە قەیران هەیە لە ناو یەکێتیدا ، رەنگە خۆشی بەشێك بێت لەو قەیران و کێشانە 0 بەس ئاریشە تازەکانی بەردەم یەکێتیی و ئیشکالیەتە مەترسیدارەکانی ئێستای ناو یەکێتیی وامانلێدەکات ئینجازەیەك لە جەنابی سکرتێری گشتی وەرگرین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی لۆژیکی و مەیدانی پەنجە بخەینە سەر ئەگەری پاشەکشێیەکانی نێو یەکێتیی لە بەردەم گۆڕانکاریەکاندا 0

لێرەشدا کە دەلّێین گۆڕانکاری دیارە مەبەستمان ئەو گۆڕانکاریانەیە کە دەبوا یەکێتیی دەستپێشخەر بوایە ، دەبوا یەکێتیی زەمینە سازکەری ئەو گۆڕانکاریانە بێت کە لە دونیایی تازەدا دێنە ئاراوە وەك گۆڕانکاریەکانی دونیای رۆشنبیری و سیاسیی و ئابووری و کلتوری و حزبایەتی 00 هتد کە ئەو گۆڕانکاریانە مومکین نییە جگە لە حزبێکی مۆدرێن کە بە بڕوای من یەکێتیی رابەرایەتی ئەو قۆناغەی دەکات هەرئەمیشە زەمینە بۆ هێنانە ئاراوەی ئەو کەش و هەوایە خۆشدەکات 0 هەر لە سەرئەو ئەساسەوەیە پێم وایە یەکێتیی دەبێت خۆی بگۆڕێت نەك سکرتێری گشتی !! چونکە سکرتێرئێستا چۆتە قۆناغێکی دیکەوە و لە ئەوجی گۆڕانکایەکاندایە ، بەلّکو و ئەوە یەکێتییە نە گۆڕاوە و لە دەرەوەی گۆڕانکاریەکانەوە مامەلّە دەکات 0 دیارە پاشەکشێکردنیش رێگا خۆشکردنە بۆ باروودۆخێکی نا تەندروست و نا شارستانی 0

بێگومان بە دوور راگرتنی مام جەلالیش لە نێو ئەو رەخنە و تێبینیانەدا مانای ئەوە نییە برادەرانی دیکە خراپن و ئەمیش باشەکەیانە ، بە پێچەوانەوە لە رێگای ئەو وتارانەمەوە مەبەستم راکێشانی سەرنجی برادەرانی سەرکردایەتییە بۆ بەردەم گۆڕانکاریەکانی سەردەم و ناوەخۆی کوردستان کە باوەڕم وایە سەرباری رەخنەگرتنم لێیان دلّنیاشم لەوەی دواجار لە سەردەستی ئەوان و کەسانی تازە پێگەیشتووی ناو ولاّتەوە ئەو گۆڕانکاریە گەورەیە بەرپادەبێت و بە هاوکاری ئەوانیشەوە دەرگا فراوانەکانی رۆشنبیری و کلتوری و سیاسیی و ئابوری و مەدەنیەکان لەبەردەم ئەو توێژە نوێیەی کۆمەلّگا ئاوالاّدەبێت 0 بۆیە بۆ هەر کەسێکی خاوەن بیر و فیکر لە دونیای تازەدا رەوایە و مافێکی سروشتی خۆیەتی قسە لە بارەی ئەو هێزە بکات کە چاوەنوارە گۆڕانکاری گەورە گەورە لە سەر دەستی ئەو رووبدات 0 کاتێکیش ئەو گۆڕان و ئەگەرانە حالّی حازردا بە شێوەیەکی بەرفراوان هەستی پێناکرێت لە ناو یەکێتییدا ، دیسانەوە لە بارەی ئەو کزیەی دونیای مۆدێرنەی ناو یەکێتیی لەو سەردەمەدا مافێکی رەوای کەسە ئازادیخوازەکانە بە دەسەلاّت بلّێن دونیایەك رەخنە و تێبینیمان لە سەرتان هەیە و پێویستە بگوڕێن و ئەرکە مەدەنیەکان و شارستانیەکان کە لە پێشتردا وادەی جێبە جێکردنتاندابوو واچاکە بیهێنە دی و کاری جددیشی لە سەر بکرێت بۆ ئەوەی دونیایەکی تازە و کراوە فەراهەم بێنن 0 رەنگە هەندێك برادەر بەو نووسینەم دلّگرانبن و بلّێن ئەی ئەوە نییە یەکێتیی دونیایەك کار و چالاکی و گۆڕانکاری کردووە ، منیش دەلّێم بەلّێ برادەری ئازیز هەمووی راستن و یەکێتیی پرۆژە و گۆڕانکاری زۆری کردووە 0 بەس ئەوە کاری من نییە کارو چالاکیە ئاشکرا و بینراوەکان با سیلێوە بکەم بەلاّم تۆ ئازادی و دەتوانی ئەو کارە بکەیت ، بەس من بە پێچەوانەی تۆ دێم قسە لە سەر ئەو فاکتەر و خالاّنە دەکەم کە یەکێتیی ئەگەر لە ئاییندەیەکی نزیکدا نە یانهێنێتە دی ئەوە خۆی دەخاتە نێو چوارچێوەی پاشەکشێپێکردنی تەواوی ئارمانجەکانی

سیاسیی و فیکری و کلتوریەوە کە لە پێشتردا خۆی بانگەشەی سەرخستنی بۆ کردبوو 0 بۆیە ئەوەی من زەروریترە لە وەی بەرێزتانەوە چونکە ئەوەی کراوە ، کراون و بۆ هەموو لایەکمانە و بەڵام ئەوانەی نەکراون و پێشبینی ئەوەشی لێدەکرێت ئەنجامنەدرێت 0 هەڵبەتە ئەوەیان دیوە مەترسیدارەکەیانە کە من لەو باسەمدا دەمەوێت ئاماژەیان پێبکەم ، ئەو بە سەرکردنەوەیەشم لە ئەنجامی دوو تێڕوانینی کراوەی ناو یەکێتییە کە هانمدەدات لە سەر ئەو رەخنانە بەردەوامبم ، چونکە یەکێتیی هەم رووحی رەخنە ی هەیە و هەستێکی وەرزشی هەیە بۆ رووبەروو بوونەوەی رەخنە و تێبینی لە سەری ، هەم هێشتا لە ئاستی ئەو گروپ و دەسەڵاتەیە کە بتوانێت بە پێیی پێویست گۆڕانکاریەکان بەرهەم بێنێت 0 هەر بۆ یەشە رەخنە لە یەکێتیی دەگرم چونکە دڵنیام وەك پارتێکی مۆدرێن ، ئەگەر بە گوێرەی گۆڕانکاریەکان هەڵس و کەوت بکات ئەوە دەتوانێت زەمینە بۆ ئەو گۆڕانکاریانانە برەخسێنێت 0 ئەو هیوایەی منیش جارێکی دیکە مژدەیەکە بۆ ئینسانە پێشکەوتوو خوازەکانی کوردستان کە ئەگەری گۆڕانکاری بەرێوەیە بە مەرجێك یەکێتیی گۆڕان لە پێناوی گۆڕاندابکات ، نەك فۆرمە تەقلیدی و کۆنەکانی حزبی کوردی بژێنێتەوە و لەو لاوەش خۆی بە پارتێکی مۆدرێن بناسێنێت 0 هەر چەندە ئەوە روونادات کە یەکێتیی پاشەکشێ لە بەڵێن و پەیامی سەردەمیانە و گۆڕانکاریەکان بکات ، بەڵام ئەگەر بە خۆشیدا نە چێتەوە بێگومان زیانێکی گەورە بە خۆیی و کۆمەڵگاش دەگەیەنێت 0

## یەکێتیی و مۆدێلە تازەکانی حزب

بە پێیی باوەڕبوونم بە مۆدێلە تازەکانی حزب و کاری رێکخراوەیی لە دونیایی تازەدا و پێویستی قسە لە سەرکردنی هەریەك لە چەمکە نوێکانی نێو جیهانی سیاسەت و زەروریەتی گۆڕان لە پانتایی ئەو ململانێیەدا وامانلێدەکات هێزو گروپە مۆدێرنەکان بخەینە ژێر پرسیارو و گومانەوە ، پرسیارێك رامانبێنێت لە سەر نەفەسی بوێری و هەلاوێردکرنی رەهەندە نا ئاسایی و نا تەندروستەکانی نێو چوارچێوەی حزبایەتی کە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بوونیان هەیە 0 لە پانتایی ئەو چوارچێوەشدا پارتە مۆدێرنەکان بە تایبەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەشی شێری بەردەکەوێت لەو شرۆڤەکردنەدا کە مومکین نییە دوای تێپەڕبوونی 30 ساڵ بەسەرگەشەی ئەو حزبەوە هێشتا نەبووبێتە ئەو نموونە ئەکتیڤەی دونیایی لیبرالیەت و مۆدێرنەوە کە خۆی هەر لە سەرەتاوە بەو رووح و ئەتەکێتەوە بەرنامە و پرۆژەی دونیایی نوێی لە ژێر رۆشنایی سۆسیال دیموکراتدا راگەیاندبێت ! هەر بۆیەشە لەو قۆناغەدا جگە لە کۆمەڵێك پرسیاری جددی لە سەر یەکێتیی و ئەگەری پاشەکشێکردنی لە دۆخی گۆڕانکاریەکاندا ، بارتەقایی ئەوەش پێویستە ئێمە بە گومانەوە لە چوارچێوەی ئەو بنەمایانە بڕوانین کە یەکێتیی بە نیازە پەیڕەوییان لێبکات 0 کاتێکیش دەڵێن گومان مەبەستمان دیاریکردنی ئەو خالانەیە کە یەکێتیی لە گۆڕەپانی پراکتیکدا نمایشیکردوون بە جۆرێك نەك هەر شایانی گومانلێکردنن بە ڵکوو مرۆڤ والیدەکات بە ترسەوەش لە ئەگەری ئەو پاشەکشێیانە بڕوانێت کە لە واقیعی ئەمڕۆکەدا پارتێکی مۆدێرنی وەك یەکێتیی کە لە جەوهەریدا هەڵگری باروودۆخێکی پێشکەوتوو خوازانە بێت و ئێستاکەش شێوازێکی دیکە هەڵنژێرێت ، رەوایە لە بەرامبەر ئەو پاشەکشێیەدا مرۆڤە ئازادیخوازەکان پەنچەی رەخنە و تێبینی لە سەر ئەو چەمکانە دابنێت کە یەکێتیی بە نیازە پێشکەشیانبکات 0 لاریش لەوە نییە یەکێتیی وەك بوعدێکی ئایدۆلۆژی و تەنزیمی چ رێ و شوێنێکی بۆ رێگاکانی خۆی دیاریکردووە ، بەس کەسی ئاشنا بە دونیایی تازە و رەخنەگر لە پانتایی ئەو کارانە کە کۆمەڵگا بەرە و پاشەکشەپێکردن ئاراستەدەکات ، لەو نێوەدا کەسی ئازاد مافێکی رەوای خۆیەتی سەرەتا لە سەکۆی ئەو پارتانەوەدەست پێبکات کە بێ ئاگایانە دەیانەوێت شانۆی بەرە و پێشکەوتن بشێوێنن !!هەر ئەو بەتەنگەوە هاتنانەشە دواجار زەمینە بۆ

گۆڕان خۆشدەکات و ئاماژەیەکیش دەبێت بۆ ئەو چوارچێوە نا تەندروستانەی نێو یەکێتیی کە ئەگەری پاشەکشێیان لێدەکرێت لەبەرامبەر گۆڕانکاریانەدا 0

## یەکێتیی وەك حزب

پێتان سەیر نەبێت شێوەی حزبایەتی ئێستاکەی ناو یەکێتیی شێوەیەکی تەقلیدی مەترسیداری هەبێت بۆ سەر گۆڕانکاریەکانی دونیای تازەمان بە شێوەیەك ئەو تەقلیدبوونە لە ناو یەکێتیی گەشەی کردووە کە ئێستا لە ئاستێکدایە کە وابزانیت لە سالأنی رابردوودا دەژیت و بێ ئاگا لە دونیای دەرەوەی خۆی مامەڵە دەکات 0 یان وا دەزانێت هیچ شتێك روونادات و ئەو چوار دیوارەش ماڵی ئەزەلی ئەوە !! تا ئێستاکەش یەکێتیی شێخ و مەلا و بنەماڵە و ناوچە و پیاو ماقوولان بەبە شێك لە پێکهاتەی خۆی دەزانێت و کاریش لە پێنا و مانەوە و سەرخستنیاندەکات ، هەر لە سەر ئەو ئەساسەوەش مەڵبەندو و کۆمیتەکانی پڕدەکاتەوە !! بە نموونە بۆ کردنەوەی مەڵبەندێك هێندە پیاوی دینیی و عەشایرو ناوچەیی بانگهێشتدەکەن هێندە رۆشنبیر و سیاسیی و ئەفەندی ئامادەی نابن ، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەمی ئەندامان و بە کارگێڕ و بەرپرسەکانیشەوە بە رەچاوکردنی بارووودۆخی بنەماڵەیی و ئاینیی و ناوچەیی دادەندرێن کە ئەمەیان پڕ مەترسیدارترین کاری بە پا شەکشێکردنی یەکێتییە لە دونیای گۆڕانکاریەکاندا 0 جگە لەوەش بێباکانە کار لە سەر تە کەتولی بنەماڵەیی دەکات بۆ قایمکردنی پێگەی سیاسیی بەرپرسێکی دیاریکراو ئەمەشیان زەقترین کاری نا تەندروستی ناو یەکێتییە بۆ دوور خستنەوەی کە سانی مەدەنیی و خاوەن فیکر بۆ گەیشتنیان بە پایەکانی حزبایەتی 0 سەرباری ئەوانەش هێشتا یەکێتیی باوەڕی بەوە نە هێناوە کە لۆژیکی کاری حزبایەتی بۆ خۆشکردنی زەمینەی دەسەلأتداریەتی و ئەرکی بەرێوەبردنی دەوڵەتە ، بەڵکو و هەتاك و ئێستاکەش یەکێتیی دەیەوێت پێمان بڵێت حزبایەتی بۆ پارێزگاریکردنی کییانی حزبە و منی ئەندامیش یەکەم قوربانی ئەو کییانەم !!

بەپێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەوە حزبایەتی خۆیلە خۆیدا کارەکتەرێکی سیاسییو رێکخراوەیی و پیشەییە بۆ گەیشتن بە دەسەلأت و لەو رێگایەوەش زەمینە خۆشدەکات بۆ بە رێوەبردنێکی عادیلانەی دەولأت لە واقیعی خۆیدا 0 بە داخەوە ئەم بیرکرنەوەیە تا ئێستا غائیبە لە دونیایی حزبایەتی یەکێتیەوە هەر بۆیەشە یەکێتیی لە هەر جەولە یەکی دیاریکردنی کاندیدەکانیدا دۆشدادەمینێت و بە ناچاری کەسی نە شیاو بۆ شوێنێکی شیاو دەستنیشاندەکات ئەگەر لێرەدا یەکێتیی وەك حزب شرۆڤەنەکەین و نەیخەینە خانەی تێبینی و رەخنە گرتن لێیەوە ئەوە هەر لەسەرەتاوە نەمانتوانیوە نزیك ببینەوە لە جەوهەری گۆڕانکاریەکانی ناو یەکێتیی 0 لە بەر ئەوەیە منی خاوەن دیدگا بۆ ئەگەری گۆڕانکاریەکان پەرۆشتردەکات بۆ قسە لە سەرکردنێکی جددیانەتر بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە نا تەندروستەی کە یەکێتیی بێ ئاگایانە تێیکەوتووە ! سەرلەنوێ رێکخستنەوەی خۆی لە بواری حزبایایەتدا کار ئاسانییە بۆ نزیك بوونەوە لە گۆڕانکاریەکانی نێو ولأت ، ئەو گۆڕانکاریانەش سەرەتا یەکێتیی دەبێت لە خۆیدا دەست پێبکات و ئینجا پێویستە بچێتە دۆخێکی دیکەی ناو واقیعەوە 0 چونکە ئەگەر یەکێتیی دەیەوێت ئەتەکێتی سیستەمی کۆمەلأیەتی و کلتوری و سیاسیی و رۆشنبیری ...هتد بگۆڕێت سەرەتادەبێت لە خۆی بهێنێتە دی ئینجا توانای ئەوەی دەبێت گورانکاری لە کۆمەڵگادا بەرهەم بهێنێت . بۆ نمونە ئەگەر یەکێتیی پشتگیریەکی راستەو خۆی شێخ و مەلا و دیوەخان و ناوچەگەرێتیبێت ئاخۆ چۆن دەکاریٚ ئەو جۆرە پەیامە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری دۆخێکی مۆدێرن و پێشکەوتووخوازانە بێت و لە سەرو بەندی ئەوەشدا کۆمەڵگای مەدەنی و کراوە بونیادبنێت ! مومکین نییە هێز هەبێت لە دونیادە بتوانێت یان توانیبێتی گۆڕانکاری گەورە گەورەی سەردەم بە شێخ و مەلا و تەکیە و دیوەخان و ...هتد بەرپابکات . رەنگە یەکێتیی بە

مەبەستێکی راستەوخۆ ئەو کارانە نەکات و بێ ئاگاش بێت لەو ئاراستەیەدا بەس ئەگەر جوان و ورد سەرنج بدەینە شێوازی مامەڵەی یەکێتیی بەتایبەتی لە هەولێر بە باشی هەست بەو مەترسیە دەکرێت کە بە داخەوە یەکێتیی هەوڵی بۆ دەدات . کاتێکیش دەبینین یەکێتیی رەخسێنەری ئەو دۆخەیە ، نا هەقمان مەگرن گەر بترسین لە ئاییندەی گۆڕان لە کۆمەڵگاکەماندا . چونکە گۆڕان لە جەوهەریدا مانایە بۆ گۆڕانی تەواوی ئەو پایەو بەها تەقلیدیانەیە کە کۆمەڵگا پێیانەوە زیبیانی لێکەو تووە . جێگای داخە دونیایەك شتی نا بەجێ و نا تەندوست و نا ئاسایی لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە و هێزێکی وەك یەکێتیش بیر لە گۆڕینی نەکاتەوە !! دیارە ئەم جۆرە مامەلەکردنانەش دواجار پاشەکشە بە گروپە مۆدرێنەکانەوە دەکات و لە جێگای ئەوانیشدا دەرگا بۆ هێزی دیکە ئاوالأدەبێت .